کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:12 30-1-2007

# گروپی مۆسیقای ناڵی و لجوئی سیاسی. . . . . رزگار کۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

لەگەرمەی بیر کردنەوە و خەیاڵ بووم برادەرێك بە مۆبیل پیی گوتم کە گروپی مۆسیقای ناڵی گەراونتەوە کوردستان، بەڵام هونەرمەند شوانە قەرەداغی خۆی لە گروپەکە شاردۆتەوەو بۆ شوێنێکی نادیار خۆی بزرکردوە، تا مافی پەناهەندەی بەدەست بهێنێت، بەندە ئەو هەقە بەخۆم نادەم باسی هیچ کەسێك لە ئەندامانی ئەو گروپە بکەم کە لای من زۆربەیان هونەرمەندی بەرێزو خۆشەویستن. . .



دیارە پێش ئەوەی ئەم گروپە ئەوسەفەرە بکەن بۆ نەمسا زۆر لە برادەرانم پێیان وابوو بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەم گروپە ناگەرێنەوە کوردستان چونکە وەك یەکێك لەبرادەرەکانم گوتی ئەوان زۆر گلەیی لە سیستەمی بەرێوەبردن و کەم وکوریەکانی نیشتمان دەکەن و جوانی لەم وڵاتە نابینەوە، ئەگەرچی یەکێکیکی تر لە برادەرەکانم پرسی و گوتی ئەوان بۆ نێنەوە کوردستان ماشا اللە هەمویان لام لاو لەم لایەش وەردەگرن!!!

برادەرەکەم بەردەوام بوولە قسەکانی و گوتی باشە حکومەت بەرامبەر ئەمانیش قەت موقەسیر نەبووە، بەپیی پێویست هاوکاری ئەندامانی ئەو گروپەشی کردوە و ئەوانیش چەند جارێك لە دەفتەرە دۆلارەکان بەشیان هەبووە بۆ ناگەرێنەوە، ئەو قسانە قسەی برادەرێك بوو. . کە لای من بۆچونی خۆیەتی و هەقی وەڵام دانەوش بۆ گروپی ناڵی بە ئازادی دەبینم. .

دیارە ئەو کاتە من پارێزاری ئەوان نەبووم تا وەك پێوست داکۆکیان لێبکەم بەڵام ئەوندەی پێشم کرابێت لە هەموو شوێنك داکۆکیم لەم گروپە کردوە چونکە خۆم لەسەرەتاکانی دامەزراندنی ئەو گروپە ئاگادارم، بۆیە من دەڵێم ئەگەر ئەو گروپە دۆلاربە دەفتەریش وەرگرن ئەوا هەقی خۆیانە چونکە لە کوردستان ئەوان لە زۆر گروپ و هونەرمەندی تر بە توانا ترن و بە شێوەیەکی زۆر چاکیش لەم ماوەیە هەوڵی جدی خۆیان داوە بۆ پێش خستنی هونەری کوردی کەچی هەندی هونەرمەند دە هەێندەی ئەوانی بۆ کراوە و کەسیش باسی نەکردون. . . !!!!

لەمەر راکردنی کاکە شوانەش تا لجوئی هونەری وەرگرێت من پێم وایە هەموو ئەو کەسانەی نیشتیمان جی دەهێلن دونیایەك هۆکاریان هەیە تا ئەم هەنگاوە بنێن هونەرمەندانیش لە پێش هەمویان بەو پێیەی کە ئەوان دڵیان ناسکە و لە پێش خەڵکیش درك بە ناخۆشیەکانی نیشتیمان دەکەن، بۆیە من دەڵێم راکردنی شوانە قەردەغی بۆ وەرگتنی مافی پەناهەندەی کارێکی تابڵیی نۆرماڵە بەڵام نەوەك ئێستا قەسدم لەکاتی کۆنسێرت و ئەو سەفەرەی گروپی ناڵیە، کاکە شوانە نەدبوو گەورەیی و خۆشەویستی ئەم گروپە لای هەوادارانی لەکەدار بکات. .

من دیسان دەڵێم ئەوەی کاکە شوان کردی لە نەمساوخۆی لە گروپ شاردەوە کارێکی چاوەروانکراوبوو نەوك بە تەنها بۆ کاکە شوانە بەڵکوو بۆ کەسانی تریش لەناو ئەم گروپە بەڵام ئەوان نەیان ویست لە گەورەیی تیپەکەیان کەم کەنەوە، لە ئایندەش دەیانی وەك کاکە شوانە داوای ئەومافە دەکەن ئەگەر دەرفەتیان بۆ برەخسێت، لەوانەشە من یەکێك بم لەوانەی رەخنەم لە کارکە هەبێت و هەموو ئەوانەی ئەم هەموو دونیا لە ئیمتیازاتە لە دەست دەدەن پێم گێل بن!!بە داوای لێبوردن لە کاکە شوان. .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:12 30-1-2007

ئاخر پێم نالێن لەم ولاتە ئەوەی بۆ هەندی هونەرمەند بەتایبەتی گۆرانی بێژو کراوە بۆ کی کراوە، ئەوەی بۆ ئەوان کراوە نە بۆ پێشمەرگەی دێرین کراوە نە بۆدایکی شەهیدو کور و کچی شەهید کاراوە نەبۆ ئاوارەیەکی نەگبەتی کەرکوکیش کراوە جا رۆشتن وراکردنی هونەرمەندان بۆ!!

من دەلێم حکومەت دەبێت بە خۆی دابچێتەوە لە هاوکاری کردنی هەندی هونەرمەند، دەبێت لە پرۆژە هونەریەکانیش هیچی تر دۆلار بە با نەکا. . . . . چونکە وەختێك دێت هەموویان کە رۆشتن کە لە سنوری کوردستان پەرینەوە بی یەك دوو بە کابرای کەمپەکە دەلێن ولاتی ئێمە مافی هونەری تێدا مەیسەر نابێت، چونکە بە دەفتەر دۆلار وەرناگرین، بە هەزار مەتر زەوی وەرناگرین، بە مانگ ودوو مانگ لە خانزادو شیراتۆن ناخەوین و وسل و وسولات سەرف ناکەین. .

من گوتم. . . ئێوەش دەی بینین چەندی تر لە جیات وەرگرتنی دەفتەر دۆلار و هەزار مەتر زەوی لە ئێوە خۆتان لێدەکات بە هونەرمەندە گوناهەکە و کەگەیشت بەخراپە ناوتان دەبات. .

داوای لێبوردن لەکاکە شوانە دەکەم نازانم ئەو بە دەفتەر دۆلاری وەرگرتوە یان نا بەلام دەزانم هونەرمەندان لە کوردستان بە تایبەتی ئەوانەی باسی هونەری مۆدرین و تازەگەری و هونەری بێگانە دەکەن لە پێش هەمویان لەم هاوکاریکردن و دەفتەر و زەوی وەرگرتنە. . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.